# (( ناوچە دابڕوەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بەکۆمەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ))

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

بەر لە دوو هەفتە و دروست لە رۆژی 14 ئازاری ئەمسالدا کونفراسێك بۆ مادەی 140 لە دەستوری هەمیشەی ئێراق لە شاری خانەقین لە ژێر رێنمای و چاودێری بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرێدرا ، ئەمەش لە خۆیدا بایەخ و گرنگی بەرێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بست بەبستی ئەم کوردستانە دەردەخات ، هیچ کەس گومانی لەوە نییە کە ئەوبەرێزانە هەربستە خاکێکی ئەم کوردستانەیان بە رادەی ئەو شوێنەی کە تێدا لە دایك بوون خۆش دەوێت و پارێزگاری لێدەکەن .

حکومەتی ئێراقی بەر لە ماوەیەك داوای هێزی سوپای لەشکری کوردستانیان بۆ هێوەر کردنەوەی دۆخ و رەوشی نائارام و ئالۆزی شاری بەغدای پایتەخت کرد ، ئەو هێزە بە دوو لیوای پێشمەرگەی مەشقپێکراو رەوانە کراو ئێستا لە بەغدای پایتەخت سەرقاڵی رەپەڕاندنی مەهام و ئەرکەکانیانن و شەهید و قوربانیشیان پێشکەش کرد ، ئەگەر چوونی ئەو هێزە بۆ بەغدا پێویست بێت ئیدی هیچ پاساو و بیانویەك نەما و نییە بۆ ئەوەی هێزی سەربازی و لەشکری و تەنانەت ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان پێشگیری لێبکرێت بۆ هەر شارێکی دیکەی ئێراق بەتایبەت ئەو شارانەی کە لەلایەك خۆیان بەشێکن لە سنوری جوگرافیای کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەیان کوردن و باقی دانیشتوانەکانیان مۆرکێکی کوردانەیان هەلگرتووە لە خزمایەتی و داب و نەریت و تەنانەت لە ئاخاوتنیش ، لەلایەکەی دیکەوە هەرچەندە ئێستا ئەو ناوچانە بەر ئیدارە و کارگێڕی حکومەتی ناوەندی کەوتوون بەلأم هاو سنور و توخبی هەرێمی کوردستانن ، دەبێت دەبێت هەولبدەین شەڕی تیرۆرستان چەندین فەرسەخ لە خۆمان دوور بخەینەوە تاکو ئاگری شەڕ دزە نەکاتە ناومالی کوردەوە .

رووبـەری خـاکی هـەرێمی کوردسـتان زیـاتر لـە ( 83 ) هـەزار کیلۆمـەتری دووجا دەبێت و لە راپەرینە شکۆدارەکەی ساڵی 1991 نزیکەی 80 ٪ ئـەو رووبەرە رزگار کرا و ئیدارە وکاگێڕی تابیەتی بۆ دامەزرا ئەویش حکومـەتی هەرێمی کوردستانە ، ئەوەی مابووەوە لـەو خـەڵك و خاکە لـە ئۆپراسـیۆنی ئازادی ئێراق رزگار کرا و بەر ئیدارەی حکومەتی ناوەند کەوتن .

شـارەکانی قەرەتەپـە و جەلـەولا و مەنـدەلی و شـارەبان و دەوربـەریان ( نمونەیەکن لە شارانە)حکومەتی ناوەندی فەرامۆشیانی کـردووە و پاریزگـای دیالە خۆی ئیفلیجە و گەزێك لە دەرەوەی بیناکە فەرمانیان کاری پێناکرێت و رەواجی نییە ، و تیرۆرستانیش میتۆدی کارکردنیان لەو ناوچانە ئەکتیف کـردووە و ئێـستا جموجوڵیـان زیـادی کـردووە کـە دەسـپێك لـە دامـەزراوە حکومیەکانەوە دەستیان پێکـردووە و پاشـتر هاتوونەتـە وێـزەی هاوڵاتیـان و دانیشتوانی ئەو دەڤـەرە تەنانـەت خەریکە هاتووچـۆ بـۆ خـەڵکی مـەدەنی و هاوڵاتیانیش ئاسان و سانا نەبێت ، وئاگادری هەندێكماڵیان کردووەتەوە کە پێویستە بگوازنەوە و ئەو ناوچانە بەجێبهێڵن ، هەچەند چەندین جار بەر لەئێـستا خـەڵکی سـیڤیلی ئـەو ناوچـەیە بـە کۆمـەڵ کوژران و تـەنها ( سـەر )ەکانیان بۆ خاوەنەکانیان رەوانە کرایەوە .

ئەمە زەنگێکی مەترسـیدار و ترسـناکە و برەودانـە بەسیاسـەتی تـەعریب و راگواسـتن و رەشـەکوژی بـەلاَم بـە دیـوێکی تـردا ، شـەڕی سـونە و شـیعە بـۆ تەسفیەی حیـساب کردنـە و ئامادەباشـی کـردن گۆڕەپانەکەیـەو خـۆ تـەیار و ئامادەکردنە بۆ روو بەروو بوونەوە لە گەڵ کورددا ، هاوکات کاردانـەوەی لـە سـەر پرۆسـەی راپرسـی هەیـە وەك لـە مـادەی 140 دەسـتوردا هـاتووە چارەنوسی ئەو ناوچانە لە رێگای ریفراندۆمەوە یەکلای و دیار دەکرێت کـە تاکو هەنوکە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد مکورە لـە سـەر ئەنجامـدانی ئـەو راپرسیە .

هەقـە چـەندین ئەوەنـدەی ئـەو هێـزەی کـە چـوونە بەغـدا رەوانـەی ئـەو ناوچانە بکرێت تاکو خەڵکی بە ئارامی بژێن و دڵنیـابن لـە سـەر و ماڵیـان و ئایندەیان تاریك و نادیار نەبێت و خەڵکی ئەو ناوچانەش بـێ هـیچ دوودڵـی و تـرس و سـڵکردنەوەیەك چارەنووسـی خۆیـان لـە رێگـای راپرسـیەوە

دەستنیشان بکەن ، کە ئەو هێزە دەبێتە زامن کردنی دیمۆکراسیانەی پرۆسەکە .